# خەونی شیرین

## ئەحمەد دەشتی

ئەمشەو لە خەوما خەونم دەبینی
بەفرێکی چڕو زۆر  پڕ باری بوو
هەموو دۆل و چیاو دەشتی گرتبوو
گششت زەوی خاکی کوردی پۆشی بوو
لەو دەمەش خۆری ڕوونی ئاسمان
سەراپای زەوی رووناك كردبوو
خۆر لەسەر ترۆپك و دۆندە بەرزەکان
لە ئاسمانی شین دەدرەوشایەوە
لە ژێر سایەکەی خۆرەتاوی نوو
پەرچەمی کوردم دەشەکایەوە
لە ژێر ئالاکەی کوردستانی خۆم
دەنگی چڕینی سرودێ دەهات
بە هاوار دەیگوت موژدەبێ موژدە
وا ئالای کوردم بەرز کراوە
لەو خەوە هەموو هاوارمان دەکرد
موژدە بێ لێتان شەهیدانی کورد
ئەی قارەمان و سەروەرانی کورد
وا خۆرەتاوی بلندی کوردم
ئەدا لە ئالای شەکاوەی هەردم
سەیری بروانن ئاسۆڕووناکە
سەربەخۆی کوردو ڕزگاری خاکە
هەموو دەمان گوت
کوردیش وەك گەلان ئالای وا بەرزە
لە ناو جیهاندا دەشەکێتەوە
تازە ئالای کورد نانەوێتەوە
لەخەوەما وابوو بوو هەموو کورد وێکڕان
دەست لە ناو دەست بوون بەدلی پاکەوە
کوردم دەبینی سوارانی ئەسپی زانستی ژین بوون
بەرەو پێشکەوتن ئەسپیان تاو دەدا
ڕوو لە تەکنیك و تەکنەلۆژیا بوون
سامان و نەوت و کانی کوردستان
بۆ ئاوەدانی کوردستانم بوون
لەو خەوەم دابوو کورد بە یەك دەنگی
ڕوو لە بەرزایی و ئاوەدانی بوو
لە گشت ترۆپکان لە نیشتمانم
ئالای ڕەنگینی کوردم هەل درا بوو
پەرچەمی جوانی کوردستانی من
لە هەموو شوێنێ ڕوو لە بالا بوو
ئاوازی شادی کوردستانی من
لە ناو جیهان داسەربەست دیار بوو
لە هەموو شارو دەشت و گوندانم
لەلوتکەی دوورو بلندەکانم
دەنگێکی شاد و  پر  لە ئازادی
هاواری دەکرد،وەرن پێکەوە
یەك بگرن بە دلی زۆر بێ گەردەوە
وا داگیرکەران خڕ تووانێنەوە
ئەمڕۆکە هەلە هەلی ئازادی
هەلی ڕزگاری و سەربە خۆ و شادی
بەندو بالۆرەی دوژمن نەماوە
ناویان لە زبلی مێژوومان ماوە
لەو خەوە شیرنەم خەوم دەبینی
لە گەل یاران و هەڤالانی خۆم
لە ژێر زنارو دەشت و چیای خۆم
لە قەدپالان و مێرگ و زەنوێران
شایی و سەیرانمان وێکڕان دەگێڕان
ئەوسەری شایی دیار نەبوو لێمان
بە دەنگی سرودی بژی کوردستان
گۆوەند زۆر گەرم و تەژی شادی بوو

سەرچۆپی دەیگوت موژدە بێ لێتان
ئەی کوردی پاك و دلسۆز و مەردان
وا سەربەخۆیی ڕاگەیەندراوە
وا ئالای کوردم بەرز کراوە
شایی گەرم کەن جەژنی هەوارە
ئەم وەرزە ئەمڕۆ تازە بەهارە
ئالامان بەرزەو ڕۆژمان نوێیە
نەخشەی کوردستان وا لە ئەتلەسان
دیارە وەکو خاکی سەربەستان
موژدەبێ لیتان شەهیدانی کورد
ئالای کوردستان بەرزە و ەك هەلگورد
وا گەلی کوردیش لە بۆ هەمیشە
سەر بەخۆو شاد و خەندانە ئەمڕۆ
ئەو دەنگە شیرینە هاواری دەکرد
کوردیش وەك گەلان
ئەسپی زانست و هونەر تاو دەدا
بە تەکنەلۆژیا خۆی بەسەر دەخا
بەندو بالۆرەی نەیار مردووە
ئیتر داگیرکەر باوی نەماوە
هەموومان شایی شادیمان دەکرد
بە سرودی کوردی هاوارمان دەکرد
بژی کوردستان بژی کوردستان
گشتمان ئەسرینی شادیمان دەرشت
پیکەوە لاشەی دوژمنمان دەنشت
سەرمان بەرزەکرد بۆ ئاسمانەوە
ئالای کوردستان دەلەرایەوە
کڕنوشمان دەبرد بۆ ئالای بلند
هاوارمان دەکرد هەموو پێکەوە
پەرچەممان هیوای ژین و ژیانە
وا شەکاوەیە لەم کوردستانە

لەو دوورە دوورەش کاروانێ دیاربوو
پڕ قارەمان و ڕۆڵەی کوردان بوو
لەوبەری شاخی گرد مەندیلەکەم
ڕوو لە ئالاکەی کوردستانم بوون
خەلکێکی زۆریش دیار بوون کەوا
لە بەرەو پیریان چاوەڕوان بوون
هەمویان چەپکیە گولیان لە دەست بوو
لەم بەرو ئەو بەر ریزیان بەستابوو
کاروانیش دەهات لەو دوورە دوورە
هەرچەند شەلالی خوێنی سوریان بوون
جەستەیان تەژی زام و برینی
پر لە قەتماغەی سالەهای سال بوون
هەر چەندەزامیان پڕ کول و ژان بوون
بەلام دل شاد و خەندان دیار بوون
بە جل و بەرگی سوری خوێناوی
ئالای ڕەنگیان لە سەر شانان بوو
هاواریان دەکرد بژی کوردستان
بژی رزقاری و سەر بەخۆی گەلان
لەو خەوە ئێمەش لەو بنارەوە
چاوێکمان دەکرد بە هەزارەوە
هەرچی ترس بوو لە ئارا نەبوو
کە دەمان ڕوانی لەو دوورە دوورە
کاروان دیاربوون ڕێگەیان نوورە
دروشمی شادی و سەرکەوتنی کورد
بەسەرداگیرکەر وا دەچڕنەوە
لەو بلندەوە دیار بوو نوسیبویان بەخوێن
موژدە وا ئالای کورد شەکاوەیە
کورد سەر بەخۆیەو خاك رازاوەیە
سەیرمان دەکرد هەموو ئەوانەی
کەوا جەستەیان لە خوێن سووربووە

www.kurdistannet.org

ئالای ڕەنگینیان وا هەلگرتووە
بەرەو لوتکەکان گشتیان هەل دەکشان
سردوی شادی گوردی دەچری
خەلکیش جەژنەیان پیرۆز دەکردن
یەك بە یەك دەستیان لە مل دەکردن
دەیانگوت ئێوە لە ناو دلمانن
شەهیدی ڕێگەی ئالای بەرزمانن
ئێمەش هەموومان بە دل و بە گیان
کرنوشمان دەبرد بۆ ڕێگەی کاروان
هاوارمان دەکرد خوێنی شەهیدە
ئەمرۆ کە ئالا بەرزو نەوێدە
هەموو پێکەوە دەمانگوت ئیتر
کورد سەر بەخۆیەو شەهیدان نەمر
ئێمەش خاوەنی خاکی خۆمانین
دوور لە ژێر چنگی داگیرکەرانین
ئیتر کوردستان وا رزگار بووە
سەر بەخۆ و ئازاد وا رەها بووە
لە خەوما وابوو گشتمان دەمانگوت
وەرن هەموومان کێ کەوا کوردە
رانك و چۆغەکەی میران لە بەر کەین
ئالای کوردستان با پیرۆز بکەین
ئاوازی جەژن و شادی سەر بخەین
وا داگیرکەران نغرۆ بوون ڕوو چوون
بالۆرەکانیان دەنگیان کپ کراوە
ترسێ لە ئارای کوردم نەماوە
لەو خەوە شیرنە ئەوەم دەبینی
کە هەرچی کوردی پاك و دلسۆزبوو
بە یەك دەنگ و ڕەنگ
رووی لە سەربەرزی هەوارو هۆزبوو
گشتمان سواری ئەسپی زانست بووین
زۆر بە تاو بەرەو پێشکەوتن دەچووین
هەموومان وێکڕان چی کورد زمان بوو
لە هەر چوار لاوەهاوارمان دەکرد
بژی کوردستان بمرن دوژمنان
بژی رزگاری و سەربەخۆی کوردان
ئیتر کوردستان بەرەو پێش دەڕوا
باو باوی شادی وئازادی ژین بوو
باوی یەکبوون و ئاشتی و ئەوین بوو
باو باوی ڕمانی نەیاری کوردبوو
باو باوی ئالای ڕەنگینی کوردبوو
باو باوی توری هەستی تەسك بوو
باو باوی ئاشتی و ئاوەدانی بوو
باو باوی ژیانی تەژی زانست بوو
لەو خەوەم هەرچی کەوا دوژمن بوو
هەموویان تۆقاو و زەندەقیان چووبوو
هەرچی کە کوردو مەردو دلێر بوو
دەست لە ناو دەستی سەربەخۆیی بوو
پڕ بە دل هەموو بە هەستی پاکمان
هاوارمان دەکرد سەرکەوێ خاکمان
هەرچی کە بوومان بۆ کوردستان بوو
کوردستان هیواو ئاواتی گشت بوو
هەموومان شاد بووین بە ڕوئیای شیرین
بە سەربەخۆیی خاکی پڕ ئەوین

*

بەهاری ١٩٩٩بەرلین هەندەران